

### فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەقیست
### بانک دەیکڕێت یا کۆمپانیا دەیفرۆشێت؟

# فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەقیست
# شێوازێک بۆ ناچارکردنی کڕیار

**د. جەودەت جەعفەر شارەزا لەبواری دارایی بۆ (گوڵان):**
**ناچارکردنی کڕیار بۆ قەرزکردن تاوەکو ئۆتۆمبێلێکی بەنرخ و ڕێژەیەکی بەرزی فائیدە دەستبکەوێت زیان بەهاووڵاتیەکەو ئابووریی هەرێمیش دەگەیەنێت**

**د. مەحمود زمناکۆ شارەزا لەفقهی مامەڵەی دارایی بۆ(گوڵان):**
**موعامەلە لەنێوان دوو لایەن دروستە واتا قەرزدان لەنێوان هاووڵاتییەک و بانکێکی ئیسلامی؛ بەڵام بەبێ فرتوفێڵ و ئیجبارکردن**

**سەردار ئەحمەد بەڕێوەبەری بەشی دڵنیایی بانکی جیهان بۆ ( گوڵان):**
**ئۆتۆمبێلەکان لەکۆمپانیا دەکڕین و دواتر بەقیست بەکڕیاری دەدەین تاوەکو مامەڵەکە شەرعی و یاسایی بێت**

**هاووڵاتیان بۆ ( گوڵان):**
**لەپێدانی ئۆتۆمبێل بە قیست کۆمپانیاو بانکەکان نرخی زیادەی دەخەنەسەر و ئیستغلالی پێداویستیی هاووڵاتیان دەکەن**



**پێویسته بانکەکانمان بەپێی ستانداردی جیهانی ڕێژەی سوود لەسەر قەرز دابنێن**

**نامانەوێت بانکەکانمان قەرز بەناچاریی و مەرجی قورس بدەن**

**ئۆتۆمبێل هەیە نرخەکەی بەنەخت بە ٢٠٠٠٠ دۆلارە کەچی هەمان ئۆتۆمبێل بەقیست بە ٢٢٥٠٠ دۆلارە**

کڕینـــی ئۆتۆمبێـــل بەقیســـت لە ڕێـــگای بانکەوە بـــە یەکێك لەو شـــێوازانە دادەنرێت کـــە بانکەکان بۆ ئاسانکاریی هاووڵاتیان دەســـتەبەریان کردووە؛ تاوەکو هاووڵاتـــی بتوانێت ئەو پێداویســـتییە گرنگە بکڕێت و لەبەرامبەریشـــدا کۆمپانیاو پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێـــل بازاڕیان گەرمتر بێت و قازانج بەدەســـت بهێنن؛ ئەم شێوازەی کڕین و فرۆشتن و بەدەستهێنانی قازانج لەڕووی یاسایی و ڕێنماییەکانی ئاینی پیرۆزی ئیســـلامەوە ڕێگای پێـــدراوە، بەڵام ئـــەوەی ڕێگای پێنەدراوە ناچارکردنی کڕیارە کە بەنرخێکی زۆر زیاتر لەنرخی بازاڕ تەنیا ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەستبکەوێت کە کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل مەبەستیانە بەسەر کڕیاردا ســـاخی بکەنەوە، واتا شێوازێکە لە فێڵکردنی بانکی و ساخکردنەوەی ئۆتۆمبێلێك کە هاووڵاتی ناچار دەکات پەنای بۆ ببات، واتا دیاریکردنی ئۆتۆمبێل و مۆدێل و جۆرەکەی لەهەڵبژاردنی کڕیاردا نییە بەڵکو کڕیار ناچـــار دەکرێت کە ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلە بکڕێت کە لەبانك قەرزی بەفائیدەیەکی زۆر دەدەنێ بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەی بەقیســـت دەست بکەوێت، بەمەش بۆ چەند ســـاڵێك کڕیار دەکەوێتە ژێر قەرزێکی قورسەوە. لێرەدا ئەو پرســـیارەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە بۆ دەبێـــت کاتێك بانك قـــەرز بەهاووڵاتی بدات ناچاری بکات چی دەکڕێـــت؟ ئایا بۆ کڕینـــی ئۆتۆمبێلێك بەقیســـت دەبێت هاووڵاتی (کڕیار) دوو جار فائیدەی لێوەربگیرێت؛ جارێك لە زیادکردنی نرخی ئۆتۆمبێلەکە بەبەراورد بەنرخی هەمان ئۆتۆمبێل کە لە پێشانگای کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل هەیە و جارێکیش بەرزی ڕێژەی فائیدەی قەرزەکە کە بانکەکە بۆ هەر ســـاڵێك ئەم ڕێژەیەی بەرەو هەڵکشـــان بردووە. لەم ڕیپۆرتاژەی گۆڤاری گوڵان ژمارەیـــەك لەهاووڵاتیانمان دواند کە باســـیان لەبەرزکردنەوەی نرخی ئەو ئۆتۆمبێلانە کرد کە بەقیســـت پێیان دراوە، تەنانەت لەلایەك نرخەکەی لەکۆمپانیـــا زیاد کـــراوە بەبـــەراورد بەنرخی هەمان ئۆتۆمبێل کە لەبازاڕدا هەیـــە، هەروەها بانکەکانیش بەڕێژەی جیاوازو بۆ ماوەی ســـێ ســـاڵ بەشـــێوەی فائیدەی ڕوو لە هەڵکشاو سوودەکانی خۆیانیان لەسەر کڕیاری ئۆتۆمبێل زیاد کردووە، ئەو هاووڵاتیانە باسی ئەوەیان بـــۆ کردین ئەمە پێدانی قـــەرز نییە لەلایەن ئەو بانکانـــەوە بەڵکو تەنیـــا ڕێکەوتنێکی نێوان بانك و کۆمپانیایـــە بـــۆ ســـاخکردنەوەی هەندێك جار ئەو ئۆتۆمبێلە مۆدێل نزم و بێ مواســـەفات و خراپانەی کـــە بازاڕیان نییە، دواتر زۆربەی جار توانای دانەوەی ئەو قەرزەشـــی نابێت کە فائیدەشی لەسەر زیادکراوە، لەلایەن خۆشـــیانەوە ژمارەیەك لـــەو کۆمپانیانەی کە بەقیست ئۆتۆمبێل بەکڕیار دەدەن پێیان وایە ئەوان تەنیا ئۆتۆمبێلەکانیان داوە بەبانك و ئەوە بانکە ئۆتۆمبێلەکە بەقیســـت بەکڕیار دەدات، هەر بۆیە ئەم شێوازەشـــیان هەڵبـــژاردووە چونکە بۆ ئەوان گرنگ ئەوەیە بازاڕ بۆ زیادکردنی فرۆشتەنیەکانیان بدۆزنەوە ئەمەش لەهەموو بانکەکانی جیهان باوەو پێـــڕەو دەکرێت، لەبەرامبەردا شارەزایەکی ئابووری پێی وایە کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و بانکە جیهانییەکان بەهاوشێوەی کۆمپانیاو بانکەکانی کوردستان ئەم شێوازی قیستە پێڕەو ناکەن و ئەوەی لەکوردستان هەیە ڕێکەوتنێکی نێوان کۆمپانیاو بانکە بۆ ناچارکردنی کڕیارو ساخکردنەوەی کاڵایەك بەزیاتر لەنرخی راســـتەقینەی خۆی، ئەمەش دەچێتە قاڵبـــی فرتوفێڵ و ناچارکردنی کڕیـــارو گەمەکردن بەسیســـتەم و ڕێنمایی بانکی. ئێمە دژی سیستەمی بانکی نین یا دژی ئەو شێوازەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل نین کە بۆ ئاسانکاریی هاووڵاتیان بگیرێتە بەر، بەڵام دژی ناچارکردنـــی بانکین، لەبری ئـــەوەی بانکەکە هاوکاریی مەعمیلەکەی بکات کە قازانجی لێدەســـت دەکەوێت، کەچی هاوکاری کۆمپانیاکە دەکات و کڕیار یا مەعمیلی بانك لە لایەن بانکەکەوە دووجار قازانجی لێدەســـەندرێت. زۆر ئاســـاییە بانکێك بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکان و پێدانی مووچەی فەرمانبەران و تەنانەت بۆ بەدەســـتهێنانی قازانجیش ســـوود و قازانج بکات، ئەمەش لەچوارچێوەی ستانداره نێودەوڵەتییەکانەوە کە بانکە پێشـــکەوتووەکانی جیهان پەیڕەوی دەکەن، بەڵام بۆ دەبێت ئەو بانکانەی قـــەرز بەهاووڵاتیان دەدەن بۆ کڕینـــی ئۆتۆمبێل ڕێژەی ســـوودەکەیان لەنێوان ٢٠-٣٠٪ بێـــت و هاووڵاتیان ناچـــار بکرێن بۆ وەرگرتنی قـــەرز ئەو ئۆتۆمبێلە بکڕن کـــە کۆمپانیاکە دەیەوێت ساخی بکاتەوە، تەنانەت شێوازی قەرزدانەکەو ڕێژەی ســـوودەکەی بەشـــێوازێکە جگە لەوەی مەرجدانانی تێدایە دوور لەیاسایی و ڕێنماییەکانی بانکیشەوە. ئێمە نامانەوێـــت بانکەکانمان قەرز بەمەرجی قورس بدەن و کەلوپەلی خراپی کۆمپانیاو پێشـــانگاکانی ئۆتۆمبێل بەسەر قەرزار ساخ بکەنەوە، پێویستە کڕیار لەفەلسەفەی کڕینی ئۆتۆمبێل لەڕێگای بانکەوە ســـوودمەند بێت و بانکـــەکان بەســـتانداری جیهانـــی مامەڵە بکەن، نەك بەپێچەوانەوە ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە نافرۆشـــرێن بەنرخێکی زۆر بەســـەر کڕیاردا ســـاخبکرێنەوە . گەر بەراوردی نرخی ئۆتۆمبێلەکە بەنەخت بکەین ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی سوودەکەشی ناواقیعیەو لەبەرژەوەندیی کڕیاردا نییە، بۆ نموونە ئۆتۆمبێل هەیە

نرخەکەی بەنەخت بە ٢٠٠٠٠ دۆلارە کەچی هەمان ئۆتۆمبێل بەقیست بە ٢٢٥٠٠ دۆلارە یا ئۆتۆمبێلێکی سەنتافیا بەقیست بە ٣٤٤٠٠ دۆلارە لەکاتێکدا هەمان جۆرو مۆدێلی ئەو ئۆتۆمبێلە لەبازاڕی پێشانگاکانی هەولێر بە ٣١٠٠٠ دۆلار دەیکڕی واتا ٣٤٠٠ دۆلاری لە سەر نرخی راستەقینەی خۆی خراوەتە سەر، یا لەگەڵ هاتنی بۆنەکان یا داشکاندنی نرخی بەنزین ئۆتۆمبێلی کیا ئۆکتیما مۆدێل ٢٠١٣ فول مواسەفات نرخەکەی لە ١٩٠٠٠دۆلارەوە بووەتە ١٩٥٠٠ دۆلار لەکاتێکدا هەمان ئۆتۆمبێل بەقیست نزیکەی ٥٠٠٠ دۆلاری دەچێتەسەر . ئەوەتا ئەگەر کڕیارێك ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزی هەشت پستنی ٢٠١٣ بەقیست بیەوێت نرخەکەی بەمشێوەیە هەڵدەکشێت :

قیست بۆ ماوەی ا ساڵ = ٧٩٣٠٠ دۆلار

قیست بۆ ماوەی ٢ ساڵ = ٨٤٦٠٠ دۆلار

قیست بۆ ماوەی ٣ ساڵ = ٨٩٩٠٠دۆلار واتا نزیکەی ٩٠٠٠٠دۆلارە.

بەهەمان شێوە کڕینی ئۆتۆمبێلێکی تاکسی پیکاشۆی مۆدێل ٢٠١٢ بەشێوازی قیست بۆ هەرساڵێك نرخێکی زیادە دەخرێتە سەر کڕیار بەمشێوەیە:

لەساڵی یەکەم ١٤٪ و لەساڵی دووەم ٢٨٪، واتا ئەگەر تەکسیەك بەنرخی سێ ساڵ بدرێت نرخەکەی بەرێژەی ٣٦٪ زیاد دەبێت.

ئۆتۆمبێلی تۆکسانی مۆدێل ٢٠١١ بەنەخت بە ١٧٥٠٠ دۆلار

هەمان ئۆتۆمبێل گەر بدەوێت بەقیست بیکڕی بە ٢٧٠٠٠دۆلارە

دکتۆر جەودەت جەعفەر شارەزا لەبواری دارایی لەمبارەیەوە بە گوڵانی راگەیاند: پێویستە بانکی ناوەندی چاودێریی و بەدواداچوونی لەسەر ئەم بابەتە هەبێت، چونکە بەپێی یاساو رێنماییە بانکییەکان بانکی ناوەندی پێدانی قەرزو رێژەی نرخی سوود بۆ بانکەکان دادەنێ و بەرەچاوکردنی ئەوەی بوارێکی ئازادانەی کەم دەهێڵدرێتەوە بۆ زیادو کەمکردنی رێژەی نرخی سوودەکە، بۆ نموونە بانکەکان لەکاتی پێدانی قەرزدا لە ١٠٪ دادەنێ و بانکەکان ئازاد دەکات ئەم رێژەیە بۆ ٨٪ کەم بکەنەوە یا بۆ لە ١٢٪ زیادی بکەن. ئەمڕۆ ئەو حاڵەتەی هاووڵاتی ناچار دەکرێت بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلێکی دیاریکراو بەخستنە سەری نرخێکی زیادەی زۆرەوە ئۆتۆمبێلێکی دەست بکەوێت زیان بەهاووڵاتیەکەو ئابووری هەرێمەکەش دەگەیەنێت، هەربۆیە کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەقیست پێویستە کۆنتڕۆڵ بکرێت و رێگاش نەدرێت رێژەی سوودی قەرزی بانکی و قازانجی کۆمپانیاکەش زیاد بکرێت لەسەر هاووڵاتی.

لەئایینی پیرۆزی ئیسلامیشدا فێڵکردن یاناچارکردن قەدەغەکراوە بەتایبەتی لەکڕین و فرۆشتندا، بەهیچ شێوەیەکیش دانانی سوو جائز نییە، کەواتە کاتێك کۆمپانیایەك هاووڵاتی ناچار دەکات قەرز لەبانك وەربگرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە پێشانگاکە دەیەوێت ساخی بکاتەوە بەنرخێکی زیاتر لەنرخی هەمان ئۆتۆمبێل کە بەنەخت لەبازاڕدا هەیە، ئەمە جۆرێکە لەئیجبارکردنی هاووڵاتی ؛ دکتۆر مەحمود زمناکۆ شارەزا لەفقهی مامەڵەی دارایی لە لێدوانێکی تایبەت بەگوڵان وتی : فێڵکردن لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا قەدەغەکراوەو دانانی سووش یا قەرزدان بەناچارکردن لەرووی شەرعەوە جائز نییە، کاتێك کۆمپانیا بەقیست ئۆتۆمبێل بداتە هاووڵاتی دروستە بەڵام هاووڵاتی نەنێرێتە لای لایەنێکی تر کە بانکەو زیادەیەکی زۆر بخرێتە سەر قەرزەکە یا بەپێچەوانەوە کاتێکیش موعامەلە لەنێوان دوو لایەن بوو دروستە واتا قەرزدان لەنێوان هاووڵاتیەك و بانکێکی ئیسلامی جائیزە بەڵام بەبێ فرتوفێڵ و ئیجبارکردن.

قەرز گرێبەستێکی ئازادانەیەو نابێت هیچ شتێکی زیادەی لەسەر وەربگیرێت یا ناچارکردنی تێدا بێت.

لەبەرامبەردا بانکەکان رەتی دەکەنەوە کە ئەوان کڕیاریان ناچار کردووە، لەمبارەیەوە سەردار ئەحمەد بەڕێوەبەری بەشی دڵنیایی لە بانکی جیهان وتی: ئێمە وەکو بانك ئۆتۆمبێلەکان لەکۆمپانیا دەکڕین و دواتر بەقیست بەکڕیاری دەدەین تاوەکو مامەڵەکە شەرعی بێت و حەرام نەبێت، چونکە ئێمە بانکێکین سیستەم و رێنمایی ئیسلامی پێڕەو دەکەین و راوێژ بەلیژنەیەکی شارەزا دەکەین کە لەبانك هەمانە . سەبارەت بەنرخ و جۆری قیستەکان بەڕێوەبەری دڵنیایی لەبانکی جیهان وتی: بەو پێیەی بانکێکین سیستەم و رێنمایی ئیسلام پێڕەو دەکەین و ئاسانکاریی بۆ ئەو کڕیارانە دەستەبەر دەکەین کە لەتوانایاندا نییە بەنەخت ئۆتۆمبێل بکڕن هەربۆیە خەڵکێکی زۆر رووی لەبانکەکەمان کردووە، ماوەی قیستەکەش بەپێی تواناو داواکاری کڕیار بووە بۆ هەرساڵێك بەرێژەی لە ١٤٪ی نرخی ئۆتۆمبێلەکەی خراوەتە سەرو بۆ دوو ساڵ بەرێژەی لە ٢٨٪، لەمەودوا ئەگەر ئۆتۆمبێلی تەکسی بێت لەبری لە ١٤٪ لە١٢٪ لەنرخی ئۆتۆمبێلەکە لەکڕیار وەردەگرین، لەپێدانی ئۆتۆمبێلیش بەقیست سەنەدی موڵك وەردەگرین کە نرخەکەی لەهاوشێوەی نرخی ئۆتۆمبێلەکە بێت یا زیاتر بێت.

**زۆر لە بانک و کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل هاووڵاتی ناچار دەکەن بەنرخێکی زۆر زیاتر لەبازاڕ تەنیا ئەو ئۆتۆمبێلانەیان دەستبکەوێت کە کۆمپانیاکە مەبەستێتی نەک کڕیار**

**قەرز گرێبەستێکی ئازادانەیەو نابێت هیچ شتێکی زیادەی لەسەر وەربگیرێت یا ئیجباری تێدا بێت**